# کۆمەڵە بەشداری شایی و لۆغانی سەرۆکایەتی عێراق دەکات !

## سەرووەت حامد

لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ (ی.ن.ک) ژمارە 3641 ڕۆژی 10/4/2005 و لاپەڕە 4 ی ئەو ڕۆژمانەیە، کە پێک هاتووە لە لیستی ناوی ئەو کەس و لایەنانەی کە پیرۆزبایان بۆ جەلال تاڵبانی ناردووە بە بۆنەی بوونی بە سەرۆک کۆماری عێراق .

هە موو ئەمانە شتی ئاساین و کەسە جۆراو جۆرەکان دەبن بە سەرۆک کۆمار و پیرۆزبایان بۆ دەنێردرێت.

ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام ،پیرۆزبای( دەبیر خانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ئیبراهیمی عەلیزادە.مەکتەبی سیاسی ) کۆمەڵە بوو.

لەم بارەیەوە تێبینێکم بۆ دروست بوو ،ئەو هۆکارانە چیبوون وایان لە کۆمەڵە کردوە کە ئەم پیرۆزبایە بنێرێت ؟

لە پەراوێزی ئەم پیرۆزبایەدا چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە ئەویش–

1–ئایا دەبێت دەوڵەتێک کە جەلال تاڵبانی سەرۆکایەتی دەکات وەکو دەوڵەتە ستانداردەکانی تری سەرمایەداری نەبێت ؟

دەکرێت ئەم دەوڵەت و ئەم سەرۆکەداماڵدراوبن لە شناسنامە ی چینایەتیان و تاڵبانی سەرۆکی دەوڵەتی هیچ چینێک نەبێت؟

ئاوا کۆمەڵەی کۆمۆنیست و مارکسی(بە قەولی خۆیان) پیرۆزبای بۆ دەنێرن.

2– ئایا لە سبەی دانانی دەستوری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراق کە بێ گومان لە سەر بنەمای پشت بەستن بە دینی ئیسلام دەبێت بە هەمان شێوەی ئێستا کۆمەڵە پیرۆزبای خۆیان نانێرن ؟

3– لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە کۆمەڵە لە ئۆرگانە ڕەسمیەکانی خۆیانەوە بۆچی ئەم پیرۆزباییان بڵاونەکردەوەلە جیاتی ئەوان (ی.ن.ک) بۆیان بڵاو دەکاتەوە،

4– بە لامەوە سەیرە دەست خۆشی و پیرۆزبای لە جەلال تاڵبانی و دەوڵەتێک دەکەن کە خەڵکی عێراقی لە سەر بنەمای قەوم و تایفە و مزهەبی دابەشکردووە و خەڵکی عێراقیان لەخاسیەتەکانی هاوڵاتیبون داماڵیووە ؟

5–ئایا دەبێت لەڕوانگەی کۆمەڵەوە تاڵبانی هەمان کەس نەبێت کە خۆی بە دۆستی هەرە نزیکی جمهوری ئیسلامی دەزانی و (ئێستاشی) لەگەڵ بێت و لەسەر قەبری خومەینی دەگریا و فاتیحای ڕەحمەتی بۆ دەنارد ؟

6–ئایا کۆمەڵە لەوە دڵنیایە کە دەوڵەتی تازەی عێراق و سەرۆکەکەی نایان کەنەوە بە قوربانی ڕێکەوتنە دیبلۆماسیەکانی نێوان خۆیان و جمهوری ئیسلامی ؟

7– سەیرە کۆمەڵە ئاوڕێک لە خەباتی خەڵکی عێراق ناداتەوە بۆ ڕزگار بونیان لەو سیناریۆ ڕەشەی کە دوچاری بووە ، کەچی کۆمەڵەش چۆتە ڕیزی ئەم شای و لۆغانەوە

تێبینی–: باشتر وایە تازووە کۆمەڵە پیرۆزبایەکی تر ئامادە کات ،چونکە سەرۆکی هەرێمی کوردوستانیش بە رێوەیە

سەروەت حامد
3.5.2005